# شین یا شایی .... بۆ مەرگی تاڵەبانی

## جەزا چنگیانی

پێش مردنت ئاوات و خۆزگە بە مردنی سروشتیت دەخوازم . هیوادارم تیرۆرنەکرێت . چونکە دژی تیرۆرم وبەتیرۆرکردنت دەبیتە پاڵەوانێکی سەقەتی میژوویی . خۆزگەدەخوازم وەك سەدام ڕۆژێك بێت دادگای کوردە نەتەوەیەکان , تاوانەکانت تەتەڵە بکەن و بەو سزایە بگەیت کە منداڵە چاوکەشە هەتیوە برسییەکانی کوردستان خەوی پێوە دەبینن .. خۆزگە دەخوازم وەك ( هاواری بۆمیدیانی سەرۆك کۆماری پێشوی جەزائیری و شای ئیرانی تڕۆکراو ) لە ناوجێگەی دەردەداریدا ئیفلیج و بۆ ماوەیەك داماوبی . تا لە ڕۆژانی داماویتدا ئازاری دایك وباوك و بێوەژن و منداڵە هەتیوەکانی کوردستان بزانی کە بە هوی سیاسەتی چەوتتەوە لە میژووتدا کردنت بە قوربانی . هیوادارم سروشت ئەشکەنجەی ڕۆح و جەستەت بدا تا ئازاری جەستەی ئەو هەموو پیشمەرگە و سیاسیانەی بە گۆجانەکەت وەك (وەستا عبدول ) * ئەشکەنجەتداون هەست پێبکەیت .

لەم ماوەیەدا تاڵەبانیم لە تەلەفزوینەکەیاندا بینی هەناسەکانی بە ئاستەم دەدا و نیشانەی نەخۆشی دڵی پێوە دیاربوو . دیاردەی نەخۆشی دڵ لە سەرەتادا لە ئازاری سنگەوە کەبەزمانی پزیشکی پێدەڵێن (ئەنجینە پێکیتوریس ) لەپێش جەڵدە ( ئینڤاکت ) تووش دیٚ و دواجار نەخۆشەکە توشی ئاڵۆزی دڵ (هایڕت فەیلەری ) دەبیٚ . ئەم نەخۆشیەش چارەسەری زەحمەتە . مردنی نزیکە . ئەم سیاسیە سەقەتە جگە لەم نەخۆشیە . نەخۆشی ویژدان ودەرونیشی هەیە . حەز بەئازاردانی مرۆڤ دەکات . ئیمڕۆ بێت یان سبەینی ڕۆژێك دەبیٚ بمریٚ . ئەمە یاسای سروشتە وکەس لە دەستی قوتار نابێت . بەپێی ئەو نهێنیانەی پژاونەتە دەرەوەی یەکیتیەوە ** لە ناو یەکیتیدا چەند بازاڕێك یان دەسەڵاتێك دروست بووە کە تاڵەبانی بۆ ئاژاوەی ناو یەکیتی ولاوازکردنی یەکەی سیاسی ئەم ڕیکخراوە دروستیکردوە وەك ( باڵی کۆسرەت , نەوشیروان , عومەری سەید علی ) لەسەروو ئەمانەشەوە لەهەموویان بڤەتر و فراوانتر بازاڕەکەی هیرۆخانمە . سوکانی ئەمانەش گشتی بەدەست تاڵەبانیەوە یە هەرچونێکی گەریك بێت ئاوا بایاندەدا . (ئەمە کوت ومت یاساو تاکتیکی سەدام بوو بۆکۆنترۆڵکردنی بەعس) بێگومان بە مردنی تاڵەبانی هەریەکێك لەو دەسەڵاتانە دەبنە ئەسپێکی سەرکێش و ڕوودەکەنە قیبلەی بەرژەوەندی تاك و گالێسکەی یەکتییش هەپرون بە هەپرون دەکەن . ئیستا دەسەڵاتی یەکیتی لە ناوچەکانی ژیردەستیاندا دەسەڵاتێکە وەك دەسەڵاتی خیزانی تکریتیەکان و بعسیەکان . ئەوەی لە تاڵەبانی و یەکیتیەوە نزیك ودەستەمۆیان نەبێت . کاری ناڕوا و قونتەرات و دەسەڵاتی نابێت . هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێر یاسای گۆجانی تاڵەبانی و قامچی زمانی بەڕێز هیرۆخاندا دەناڵینن ( دابڕاندنی گفتوگۆی نێوانی کاك دکتور بەرهەم لە تەك هیرۆخانمدا ) بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا لەبەر ئەوە بوو دکتور بەرهەم دەیویست یاسا و نەریتی پوختە لە کاروباری شاردا پیٚادەبکات هیٚرۆخانمیش یاسای ئارەزووەکانی ) .

<u>**ئیستا یەکیتیەکان دەبیٚ چیبکەن ؟**</u> **تا گالێسکەی ڕێکخراوەکەیان هەپرون بە هەپرون نەبێت .؟**
دڵسۆزی و هوشیاریان لەوەدایە پێش دوا هەناسەی دیکتاتۆر بیر لە پاشەڕۆژی خۆیان و ( یەکیتی ) بکەنەوە یاسای گۆجان و قامچی زمانی بەڕێز هیرۆخانم لە یەکیتی دوور بخەنەوە .

**بقەیەکی تری تاڵەبانی** : هەموو دەزانین گشت ڕێکخراوێك بەبێ هێزێکی ئابوری پتەو ناتوانی لاقەکانی لە گۆڕەپان و کێبەرکێی سیاسیدا قایم ڕابگرێت . پیویستی بەهیزی ئابووری هەیە . بەبێ ئەم فاکتەرە (ئابورییە ) زەحمتە یەکیتی بتوانی خۆی ڕابگرێت .یەکیتی دەوڵەمەند بووە , پارەیەکی زۆریان لە بانکەکانی هەندەراندا بە ناوی ( تاڵەبانیەوە ) کەڵەکە کردووە . بەپێ یاسای وەرسە لە کاتی مردنی تاڵەبانیدا ئەو پارانە گشتی دەگەریتەوە بۆ ( قوباد و باڤیل و هیرۆخانم ) هەر دۆلاریك لەو دۆلارانە بەرامبەرە بە دڵۆپە خوینەکانی شەهیدانی ئەو ڕێکخراوە . ئەو سامانە بەری ڕەنج و کار وکرێکاری و زرنگی ( باڤیل و قوباد) نیە . پێویستە پێش مردنی ئەو پارانە بخریتە سەر ناوی خودی ( یەکیتی ) .

یەکێك لە قیزاوەترین ڕەوشتەکانی دیکتاتۆر برسیکردن و دزینی سامان و بژێوی برسییەکانی میللەتە سەدام 22 ملیاردی لە پارەی خەڵکانی عیراق لفلیداوە , شای ئیران و مارکۆسی فلیپین . ئەمانە هەمووی دزین و لە بژێوی ڕەش و ڕووتی میللەت دەکرێن . ئاشکرایە هەر ئابووریەك لە ژێر دەسەلاتی تاك دابیت یاساییەك چاودیری نەکات . ئەو ئابوریە دەبێتە ( هۆی دروست بوونی تاقمی مافیا ). هەموو یەکیتیەکان چاك دەزانن هیچ کەسێك لەناو یەکیتیدا دەسەلاتی بەسەر ئابووری یەکیتیدا نیە لە تاڵەبانی زیاتر . ئەمە و قۆرخکردنی هەموو دەسەلاتەکانی تری ناو یەکیتیش . ئەم شێوەیە لە دەسەلات . بەپێ پرینسیبی سیاسی . دەسەلاتی (مافیای ) پێدەوترێ . بۆیە دەتوانین جەلالیزم بە دەسەلاتێکی مافیای کوردی دابنێن. تاڵەبانیش بە سەرۆکی ئەو مافیا کوردانە . کەواتە ئەوەی دڵسۆزی یەکیتی بێ پێویستە لە پرۆسیسی پاککردنەوەی یەکیتی لە مافیای جەلالیزم هاوبەشی بکات .

## شین یا شای بۆ مەرگی تاڵەبانی ؟؟؟

ئەگەر یەکیتیەکان پێش مردنی تاڵەبانی ڕیکخراوەکەیان لە جەلالیەکان پاکبکەنەوە ... ئەوە شایی پێویستە .

ئەگەر ئەمە نەکەن و تاڵەبانی بمرێ ئەوە لە ناو یەکیتیدا دەبێتە شەڕە چەقۆ و گشت سامانی یەکیتیش دەبێ بە هی ( قوباد و باڤیل و بەڕێز هێرۆخانم ) یەکیتیش هەپروون بە هەپرون دەبێ ...ئەوە شینە

- وەستا عبدول ئەو پێشمەرگەداماوە بوو. کە پاسەوانی زیندانەکەی مەلا بەختیار دەبێت , لە ئەنجامی هەڵاتنی زیندان مەلا بەختیار .تاڵەبانی بە داریکەوە دەیبەستێتەوە بە گۆجانەکەی چەند پەراسوویەکی دەشکێنێ .
- ** بانگەوازێك لە ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانیەوە ( ج . م . ح ) سلیمانی 9/7/ 2004

سانپیتربۆرگ

2004/08/10

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de